مەولود

لە تەرازووی شەریعەتدا

شیکردنەوەی

مامۆستا هەڵۆ حەمە ڕەشید

ئامادەکردنی

محمد حسن

مەولود

لەتەرازووی شەریعەتدا

شیکردنەوەی

مامۆستا هەڵۆ حەمەڕەشید

ئامادەکردنی

محمد حسن

پێشەکی

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْـدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَـالَمِينَ، وَالصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ عَلَـى نَبِيِّنَـا مُحَمَّـدٍ وَعَلَـى آلِـهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

پرسـی "مەولـود" یەکـێکە لەو بابەتـانەی کە سـاڵانە لەگەڵ هـاتنی مـانگی ربیـع الأول، دەبێـتە هـۆی مشـتومڕ و گێژاوێکـی فیکـری لەنێـو موسـڵماناندا. ئەمە لە کاتێکـدایە کە ئەم بـابەتە لە بنەڕەتـدا نـاکەوێتە چوارچێـوەی ئەو پرسـانەی کە جێـی ڕاجیـایی شـەرعی بـن لەنێـوان زانایانـدا، بەڵکـو بـابەتێکە حـوکمەکەی بـڕاوەتەوە؛ بەڵام بەهـۆی دوورکەوتـنەوە لە سـەرچاوە ڕەسـەنەکان، لەنێـو خەڵکـی گشـتیدا بـووەتە هـۆی دابەشـبوون و دووبەرەکـی. لەم نێوەنـدەدا، زۆرێـک لە موسـڵمانان لەنێـوان دوو بەرداشـی "دروسـتە" و "نادروسـتە"دا دەمێنـنەوە و بەدوای وەڵامێکـی شـەرعیی یەکـلاکەرەوەدا دەگەڕێـن تـا دڵ و دەروونیان پێی ئارام بگرێت.

لە نێوەنـدی ئەم لێڵاییـەدا، لێکـدانەوەی قـووڵ و شـیکارییە زانسـتمەندانەکەی بەڕێـز مامۆسـتا هەڵـۆ حەمەڕەشـید، وەک چراخانێـک ڕوونـاکیی خسـتە سـەر ئەم ڕێگـا پـڕ لە تـاریکییە. مامۆسـتای بەڕێـز، بە شـێوازێکی ورد و پشتبەسـتن بە بەڵـگە حاشـاهەڵنەگرەکانی قورئـان و سـوننەت و تێگەیشـتنی پێشـینانی چـاکی ئـوممەت، تـوانی هەمـوو لایەنە شـاراوەکانی ئەم پرسـە بخـاتە ڕوو و وەڵامێکـی یەکـلاکەرەوە پێشـکەش بکـات، بە جۆرێـک کە چیتـر مەودایەکـی بـۆ گومـان و دوودڵـی نەهێشتەوە.

بەهـۆی گرنگیـی بـابەتەکە و ڕوونـی و پتەویـی شـیکردنەوەکەی مامۆسـتای بەڕێـز، بە ئەرکێکـی سەرشـانی خـۆمم زانـی کە ئەم گەنجینـە زانسـتییە لە وتـارێکی دەنگیـیەوە بگـۆڕم بـۆ بەڵگەنـامەیەکی نووسـراو؛ چـونکە وەک گوتراوە:"قسـە دەفڕێـت و نووسـین دەمێنێتەوە."ئامـانجم ئەوە بـوو کە ئەم زانیـارییە بەنرخـانە تەنهـا لە گـوێی بیسـەراندا نەمێنـنەوە، بەڵکـو ببـنە سـەرچاوەیەکی هەمیشـەیی کە خـوێنەر بتوانێـت

به ئارامی و وردبینییەوە لێی بکۆڵێتەوە، تا ببێتە بەڵگەیەکی پتەو بۆ هەموو ئەوانەی بەدوای حەقیقەتدا وێڵن.

لە پرۆسەی نووسینەوەی ئەم کتێبەدا، بنەمای سەرەکیمان پاراستنی ئەمانەتی زانستی بووە لە گواستنەوەدا. زۆربەی هەرە زۆری دەقەکە وتەکانی خودی مامۆستای بەڕێزە کە وشەبەوشە نووسراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چەند شوێنێکی کەمدا کە هەستمان کردووە بابەتێک پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە بۆ خوێنەر، بەشێوەیەکی تێکەڵاو لەگەڵ دەقەکەدا، هەندێک ڕستەی ڕوونکەرەوەمان وەک تەواوکەری پەیامەکە خستووەتە ڕوو، بێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆک و مەبەستە سەرەکییەکەی مامۆستا بکرێت. کەواتە ئەرکی ئێمە بریتی بووە لە گواستنەوەی دەقەکە، پۆلێنکردنی بابەتەکان، زیادکردنی ڕوونکردنەوەی پێویست، و دانانی سەرچاوەکان بۆ بەهێزکردنی لایەنی زانستیی کتێبەکە.

لە خوای گەورە داواکارم ئەم کارەمان لێ وەربگرێت و بیکاتە مایەی خێر و ڕێنمایی بۆ هەموولایەک. لە تاوان و کەموکوڕییەکانی ئێمە و مامۆستای بەڕێزیش خۆش بێت، و بیکاتە توێشوویەک بۆ ڕۆژی دواییمان.

دەقی قسەکانی مامۆستا هەڵۆ

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْـدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَـالَمِينَ، الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ عَلَـى حَبِيبِنَـا مُحَمَّـدٍ وَعَلَـى آلِـهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

دابەشبوونی خەڵک لەسەر بابەتی مەولود

هەمـوو سـاڵێک لە مـانگی ربیـع الأول، بـابەتی مەولـود دێـتە پێشـەوە و دەبینین خەڵکی تێیدا بەگشتی دەبن بە سێ بەشەوە:

بەشـی یەکەم: ئەوانەن کە یـادی مەولـود دەکەنەوە، ڕەواجـی پـێ دەدەن و خەڵکی بۆ بانگەواز دەکەن.

بەشـی دووەم: ئەوانەن کە ئینکـاری دەکەن، لەبەرئەوەی پێیـان وایە لە شەریعەتدا بوونی نییە.

بەشـی سـێیەم: کـۆمەڵێکن کە دەکەونە نێـوان ئەو دوو گـرووپەوە و دەڵـێن: "واز لە خەڵـک بێـنن بـا بـیکەن،" و بە ئـێمەش دەڵـێن: "مەولـود بـابەتێکی ئەوەنـدە گەورە نیـیە کە ئێـوە بەو شـێوەیە قسـەی لەسـەر بـکەن." ئەم بەشـەش بە زمـانی حـاڵی خۆیـان، لایەنگریـی ئەو بەشـە دەکەن کە ئەنجامی دەدەن و پێی ڕازین.

جۆرەکانی ناهەنگگێران بەبۆنەی مەولودەوە

ئەوانەی مەولود دەکەن، بە گشتی دەبن بە سێ جۆرەوە:

جـۆری یەکەم: کـۆمەڵێکن کە مەولـود بە تـێکەڵەیەک لە خورافیـات و تـاوان ئەنجـام دەدەن، وەک: تێکەڵاوبـوونی ژن و پیـاو، هـاوارکردنە غەیـری خـوای پەروەردگـار، ئەنجامـدانی جـووڵە و سـەمای نەشـیاو، فەوتانـدنی نوێژەکـان، بەفیڕۆدانـی خـواردن و خـواردنەوە، خوێنـدنەوەی قورئـان بەبـێ ئەوەی کەس گـوێی لـێ بگرێـت و سـوودی لـێ ببینێـت،

هەروەهــا پێشکەشــکردنی وتــار و ئامۆژگــاری کە تێیــدا هێــرش دەکەنە ســەر ئەوانەی کە ئەو کــردارە بە دروســت نــازانن و بوختانیــان بــۆ دەکەن، غەیبەتیــان دەکەن و ســووکایەتییان پــێ دەکەن. بێگومــان، ئەو کەســەی بەو شــێوەیە مەولــود دەکــات و ئەو هەمــوو خراپەکــارییەی تێــدا کــۆ دەکــاتەوە، جــگە لەوەی بیــدعەی مەولــودی ئەنجــام داوە، تووشــی چەنــدین تــاوانی تــریش بــووە. بــۆیە ئەگەر بڵێــین مەولــود موباحیشــە، مــادام ئەو هەمــــوو تــــاوانە و بێشــــەرعییەی تێــــدایە، ئەوا حەرامە. ئەوانەی ئەنجامیشــــی دەدەن، تووشــــی گەورەتــــرین حەرامەکــــان بــــوون نەک دانەیەک و دووان بەڵکو چەندەها دانە.

جــۆری دووەم: کــۆمەڵێکی تــرن کە مەولــود دەکەن بەڵام تەنهــا قەســیدە و قورئــان دەخــوێنن، وتــار دەدەن و خــواردن دەبەخشــن. دەتــوانین بڵێــین ئەم جــۆرە مەولــودە باشــترە (ئەهــوەنترە) لە جــۆری یەکەم، مــادام ئەو نافەرمانیــانەی تێــدا نیــیە. لێــرەدا خەڵــک نــان دەخــوات، گــوێ لە وتــار، قورئــان و نەشــیدی ئامۆژگاریئــامێز دەگرێــت (بێگومــان بەبــێ ئــامێری مۆســیقا). ئــێمە ئەم جــۆرە یەکســان نــاکەین بەوەی یەکەم، بەڵکــو بە ســووکتر ســەیری دەکەیــن و دەڵێــین: ئەمە بیــدعەیەکە و وا باشــترە دەستی لێ هەڵبگیرێت.

جــۆری ســێیەم: کــۆمەڵێکی تــرن کە لەوانەیە تەنهــا لەلایەن خــۆیەوە شــیرینییەک ببەخشــێتەوە یــان خواردنێــک دروســت بکــات. ئەگەر ئەم کەســە تەنهــا وەک حەزێــک نــان ببەخشــێت و لە دڵــی خۆیــدا دڵخــۆش بێــت بەوەی کە لەم مــانگەدا پێغەمــبەر ﷺ لەدایــک بــووە، گوناهبــار نابێــت، چــونکە وەک عادەتێــک وەری گرتــووە. بەڵام ئەمەش باشــترە دەســتی لێ هەڵبگرێت.

بــۆیە نــاتوانین یەک حــوکم بەســەر هەمــوو جۆرەکانــدا بــدەین. ئەوەی یەکەم، کە پــڕە لە تــاوان، یەکســان نیــیە بەوەی دووەم کە تــاوانی تێــدا نیــیە. ئەوەی دووەمــیش یەکســان نیــیە بەوەی کە تەنهــا خۆشــحاڵی دەردەبڕێــت، وەکــو بــۆنەیەکی ئیســلامی، کە لەکاتێکــدا بــۆنەی ئیســلامی نیــیە، ئەوەی ئــێمە باســی دەکەیــن، ئەو کەســانەن کە تەنهــا وەک بۆنەیەکی ئیسلامی تەماشای دەکەن.

کێشەی دابەشبوون و توندڕەوی لەسەر بابەتی مەولود

بێگومــان لەم حاڵەتــانەدا تێبینیمــان کــردووە کە هەردوو گــرووپ (لادار و دژ) بەربــوونەتە گیــانی یەکتــر، تەنــانەت گەیشــتووەتە ئاســتی یەکتــر بە کــافر دانــان (تەکفیرکــردن)، جــگە لەوەی یەکتــر تاوانبــار دەکەن بەوەی کە "ســیخوڕی جــوولەکە و ڕۆژئــاوان." بەڕاســتی تــاوانی ئەم تۆمەتــانە زۆر قورســترە لە خــودی بیــدعەکە، چــونکە بە کــافر دانــانی یەکتــر شتێکی زۆر ترسناکە.

هەنــدێک کەســیش لەم نێوەنــدەدا خــۆی بە میــانڕەو پیشــان دەدات و هەڵوێســتێکی ڕوونــی نیــیە. ئەم دوو گــرووپە یەکێکیــان لەســەر حەقە و ئەوی تریــان لەســەر بەتــاڵ، بەڵام ئەو خــۆی یەکــلا ناکــاتەوە کە لەگەڵ کامیــان بێــت. ئەم کەســە تووشــی دووفــاقی (ئیزدیــواجییەت) بــووە لە هەڵوێســتیدا؛ لەگەڵ ئەمــان خــۆی دەگونجێنێــت و لەگەڵ ئەوانــیش خــۆی دەگونجێنێت و نایەوێــت کەس لە خــۆی زویــر بکــات. باشــترە ئەم کەســە خــۆی یەکــلا بکــاتەوە، چــونکە فەرمــوودەی زۆر مەترســیدار هــاتووە لەسەر ئەو کەسەی کە دووڕووە.

هەنــدێک کەســی تــر دەکەونە داوی ئەمــانەوە کە خۆیــان یەکــلا نــاکەنەوە و دەڵــێن ئەمە میــانڕەوییە و ئەمە ڕاســتییەکەیە، لە کاتێکــدا وانیــیە. ئەمەش بە زمانی حاڵی خۆی، پاڵپشتیی هەردوو لا دەکات.

ئایا مەولود بابەتێکی خیلافییە؟

بــابەتی مەولــود بــابەتێکی خیلافــی (جێــی ڕاجیــایی) نیــیە، بەڵکــو بــابەتێکە لە دەرەوەی شــەریعەتی ئیســلامە، دروســت نیــیە و تەواو. بــۆیە ئەوەی وەک بــابەتێکی خیلافــی تەماشــای دەکــات، هەڵەی کــردووە. چــونکە ئــێمە بــۆ هەر عیبادەتێــک کە ئەنجــامی دەدەیــن، یــان هەر بابەتێــک کە دەمانەوێــت لە شــەریعەتدا داییمەزرێنــین، دەبێــت بیگەڕێنیــنەوە بــۆ قورئــان، ســوننەت، و کــۆدەنگیی هــاوەڵان، تــابیعین و تــابیعی تــابیعین، کە پێغەمبەر ﷺ شایەتیی خێری بۆ ئەم سێ نەوەیە داوە.

- کە دەگەڕێینەوە بۆ قورئان، باسی مەولودی تێدا نییە.

- که دەگەڕێینەوە بۆ سوننەت، باسی تێدا نییە.
- که دەگەڕێینەوە بۆ کردەوەی هاوەڵان، نەیانکردووە.
- که دەگەڕێینەوە بۆ کردەوەی تابیعین و تابیعی تابیعین، ئەوانیش نەیانکردووە.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بابەتە خیلافی نییە، بەڵکو بیدعەیەکە داهێنراوە و بە مەبەست هێنراوەتە ناو دینەوە؛ بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک لە سیاسەتی چەوتی حاکم و کاربەدەستان، و بۆ ئەوەی ئەو حاکمانەی کە کوفر و شیرکیان تێدایە، لەو بۆنانەدا وەک موسڵمان دەربکەون و بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان بەکاری بێنن.

وەڵامی گومانی: "مەولود عادەتە نەک عیبادەت"

هەندێک کەس کاتێک پرسیاری مەولودیان لێ دەکەیت، دەڵێن: "ئەمە عادەتە، نەک عیبادەت تا تۆ بڵێی بیدعەیە." ئێمە لە بەرامبەردا پێیان دەڵێین: "ئێوە ڕاست ناکەن، ئەمە عادەت نییە." چونکە لە هەر کەسێکیان بپرسین: "بۆ ئەم کارە دەکەن؟" دەڵێن: "بۆ خۆشەویستی و بە گەورەدانانی پێغەمبەر ﷺ." خۆشەویستی و بە گەورەدانانی پێغەمبەر ﷺ عیبادەتە، عیبادەتیش تەنها کاتێک دادەمەزرێت کە دەقی ئایەت و فەرموودەی لەسەر بێت. ئەم بابەتەش دەقی لەسەر نییە، کەواتە عیبادەتێکی بیدعییە، چونکە هەروەکو خۆتان دەڵێن قورئانخوێندن و ئامۆژگاریی تێدایە، کەچی من نەمدیوە و نەشمبیستووە هیچ کەسێک سوود لەو قورئانخوێندنە وەربگرێت، بەڵکو لە کاتی قورئانخوێندنەکەدا خەڵک قسە دەکات، هەڵدەستێت و دەڕوات. سەرنجی لەلای خواردن و خواردنەوەیە، هەمان شتیش لە کاتی وتارەکانیشدا ڕوو دەدات. لە هەمان کاتدا گۆرانیوتن، تێکەڵاوی، سەمای نەشیاو و بێئەدەبی بەرامبەر خودی پێغەمبەر ﷺی تێدایە کە هەمووی حەرامە، و هەر شتێک ببێتە هۆی حەرام، خۆشی حەرام دەبێت.

بەڵگەکان لەسەر حەرامێتیی بیدعە

پێغەمبەری خوا ﷺ هەر کاتێک وتاری بدایە، هۆشداریی دەدا لەم جۆرە کارانە و دەیفەرموو:(إِنَّ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ، وَخَيْرُ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ، وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ).[1]

(وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ).

واتە:(خراپترینی کارەکان داهێندراوەکانە ، هەموو داهێنراوێک لەم دینەدا بیدعەیە، هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە، و هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە).

پێش ئەم قسانە دەیفەرموو:(إِنَّ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ، وَخَيْرُ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ).

واتە:(باشترین وتە، وتەی خوایە لە قورئاندا، و باشترین ڕێباز، ڕێبازی پێغەمبەری خوایە ﷺ).

ئەوەی جگە لەمە بێت، داهێنراوە و لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و کتێبی خوادا بوونی نییە، بۆیە گومڕاییە و هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو:(مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ).[2]

واتە:(هەر کەسێک لەم شەریعەتەی ئێمەدا شتێک دابێنێت کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت، ئەوا ڕەت کراوەتەوە).

---

[1] صحيح مسلم، ژمارە ٨٦٧؛ و زیادەی "وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ" لە سونەنی نەسائی، ژمارە ١٥٧٨ هاتووە و بە صەحیح دانراوە.

[2] صحيح البخاري: كتاب الصلح، ژمارەی فەرموودە ٢٦٩٧.

کاتێــــک فەرمـــــووی "لەم شــــەریعەتەی ئـــێمەدا،" واتە لە کاروبــــاری دنیاتانـــدا داهێنـــان بـــکەن، بەڵام لە شـــەریعەتدا بۆتـــان نیـــیە، چـــونکە قبووڵکراو نییە.

سەرچاوە و مێژووی داهێنانی مەولود

مێـژووەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ دەوڵەتـی عوبەیـدییەکان، کە خۆیـان ناویـان نـــابوو "فاتیمییەکـــان" بەڵام بە عوبەیـــدییەکان ناســـرابوون، چـــونکە (عوبەیـــدوڵلای قەداح) ئەم دەوڵەتەی دامەزرانـــدبوو، کە هەنـــدێک لە مێژوونووسان ڕەچەڵەکی دەگەڕێننەوە بۆ جوولەکە.

دەربـــارەی ئەم دەوڵەتە، ئیمـــامی ئیـــبن کەســـیر دەفەرموێـــت:(أَغْنَـــى الْخُلَفَـــاءِ وَأَجْبَـــرِهِمْ وَأَظْلَمِهِـــمْ وَأَنْجَـــسِ الْمُلُـــوكِ سِـــيرَةً وَأَخْبَـــثِهِمْ سَـــرِيرَةً، ظَهَـرَتْ فِـي دَوْلَـتِهِمُ الْبِـدَعُ وَالْمُنْكَـرَاتُ، وَكَثُـرَ أَهْـلُ الْفَسَـادِ، وَقَـلَّ عِنْـدَهُمُ الصَّالِحُونَ مِنَ الْعُلَمَاءِ وَالْعُبَّادِ).[3]

واتە:(خەلیفەکـــــانی ئەم دەوڵەتە، ســــــتەمکارترین و دەوڵەمەنـــــدترین خەلیفەکـان بـوون، زۆرتـرین مـاڵ و سـامانیان بـۆ خۆیـان داگیـر کردبـوو و زۆرتـرین زوڵمیـان لە خەڵـک دەکـرد، ئەمـانە پـیس ترینـی پاشـاکان بـوون لە ڕووی ڕەوشـــــتەوە و قێزەونتـــــرین بـــــوون لە ڕووی نـــــاخەوە. لە ســـەردەمی دەوڵەتەکەیانـــدا بیـــدعە و کـــارە قێزەونەکـــان دەرکەوتـــن، خەڵکـــی خراپەکـــار زۆر بـــوون، و ژمـــارەی چاکەکـــاران لە زانایـــان و عیبادەتکاران لەلایان زۆر کەم بوو).

غەزالـی دەفەرموێـت:(ظَـاهِرُ مَـذْهَبِهِمُ الـرَّفْضُ، وَبَاطِنُـهُ الْكُفْـرُ الْمَحْـضُ).[4]

واتە:(بیروبۆچوونیـان لە ڕواڵەتـدا ڕافیـزی (شـیعە) بـوو، بەڵام لە ناخـدا کوفری تەواو بوو).

---

[3] البداية والنهاية، بەرگی ١٢، لاپەڕە ٢٦٧.
[4] فضائح الباطنية لاپەڕە ٣٧

هەروەهـــا قەڵقەشـــەندی و مەقریـــزی قســـەی زۆریـــان لەبارەیـــانەوە کـــردووە و ڕەچەڵەکیـــان دەگەڕێنـــنەوە بـــۆ جـــوولەکە، و بە پـــیس تریـنـــی مرۆڤەکـــان ناویـــان دەبەن. ســـیوتیش لە کتێبـــی "تـــاریخ الخلفـــاء"دا زۆر بە خراپی باسیان دەکات.

یەکێـک لە پاشـاکانی ئەم عوبەیـدیانە، کە نـاوی "المعـز لـدين الله" بـوو، شـەش مەولـوودی داهێنـا. پێنجیـان پەیوەنـدیی بە ئەهلـی بەیـتەوە هەبـوو (مەولـــوودی پێغەمـــبەر ﷺ، فـــاتیمە، عەلـــی، حەســـەن و حوســـێن) و شەشەمیشـی بـۆ خـۆی زیـاد کـرد. جـگە لەمەش، زیـاد لە سـی جەژنـی تـری داهێنـا، هەمـووی بـۆ ئەوەی خەڵـک سـەرقاڵ بکـات و ئاگایـان لە ستەمکارییەکانی ئەو نەمێنێت.

ئایا ئێمە دین لەم کەسانە وەربگرین؟

دواتـر یەکێـک لە سـەرکردەکانی سـوپاکەی، دوای مردنـی خـۆی، هەسـتا بە لابردنـی ئەو مەولـودانە. بەڵام دواتـر حـاکمێکی تـر بە نـاوی "حـاکم بـأمر الله" لە سـاڵی ٥٢٤ ی کۆچیـدا دووبـارە دایهێنـایەوە. ئەم دەوڵەتە لە ســەدەکانی چــوارەم و پێــنجەم و شەشــەمدا دەســەڵاتیان هەبــوو و ئەهلــی ســوننەتیان تووشــی فیتــنەی گەورە کــرد، تــا لە ســەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبیدا لەناو بران.

وەڵامی گومانی: "ئایا بۆ خۆشەویستیی پێغەمبەر سزا دەدرێین؟"

زۆر جـــار ڕووبەڕووی ئەم پرســـیارە دەبیـــنەوە:(ئایـــا خەڵـــک لەبەرئەوەی یـادی پێغەمـبەر ﷺ دەکـاتەوە و خۆشـی دەوێـت، دەخـرێتە جەهەننەمەوە؟).

بەم قســـەیەی (ســـەعیدی کـــوڕی موســـەییب) وەڵامیـــان دەدەیـــنەوە:(کاتێـک پیاوێـک دێـتە تەنیشـت سـەعیدی کـوڕی موسـەییبەوە و دوو ڕکـات نـوێژی سـوننەتی پـێش نـوێژی بەیـانی دەکـات، وە لە دوای نـوێژی بەیـانی، دوو ڕکـات نـوێژی سـوننەتی زیـاتر دەکـات، سـەعید کراسـەکەی دەگرێـت و دایدەنیشـێنێت. پیـاوەکە دەڵێـت:(ئەی سـەعید، تـۆ پێـت وایە خـوا لەسـەر نـوێژکردن سـزام دەدات؟) سـەعید لە وەڵامـدا دەڵێـت:(خـوا

لەسەر نوێژکردن سزات نادات، بەڵکو لەسەر ئەوە سزات دەدات کە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺت کردووە).

خوای گەورە دەفەرموێت:(فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ). سورة النور: ٦٣

واتە:(با ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ دەجووڵێنەوە، بترسن لەوەی تووشی فیتنەیەک یان سزایەکی بەئێش ببن).

ئیمامی مالیکیش کاتێک کەسێک پێی دەڵێت دەمەوێت لە مزگەوتی مەدینەوە ئیحرام ببەستم، ڕێگریی لێ دەکات و دەفەرموێت:(دەترسم تووشی فیتنە ببیت). کابرایش دەڵێت:(چ فیتنەیەک؟ تەنها چەند کیلۆمەترێک عیبادەتی زیادە دەکەم بە ئیحرام و نییەتێکی پاکەوە تیایدا دەڕۆم). ئیمامی مالیک دەفەرموێت:(ئایا فیتنەیەک لەوە گەورەتر هەیە کە پێت وا بێت تۆ چاکەیەکت دۆزیوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی نەگەیشتووە؟).

بۆیە ئێمە قەناعەتمان وایە ئەگەر خەڵکی بیدعەیەک بکات، هەرچەندە بیدعەکە نوێژ، زیکر، یان مەولود بێت، خوای گەورە سزای دەدات، نەک لەبەر ئەوەی عیبادەتی کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێچەوانەی سوننەتی کردووە و عیبادەتەکەی لە شوێنی خۆیدا نەکردووە.

ئەگەر بڵێین لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ پێویستی بە یادکردنەوە هەیە، دەبێت لەدایکبوونی هەموو پێغەمبەرانی تریش یادی بکرێتەوە، چونکە ئێمەی ئیمانداران جیاوازی ناکەین لەنێوان پێغەمبەراندا. هەروەها دەبێت بۆنە گەورەترەکانی وەک دابەزینی وەحی، جەنگی بەدر و فەتحی مەککەش بکرێن بە بۆنە. چۆن بۆمان نییە ئەوانە بکەین، بە هەمان شێوە بۆمان نییە مەولودیش بکەین.

خۆشەویستیی پێغەمبەر ﷺ لە شوێنکەوتنیدایە نەک داهێنان

هەندێک کەس کاتێک ئێمە مەولود ناکەین، پێمان دەڵێن:(ئێمە بۆ خۆشەویستیی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیکەین، کەواتە ئێوە پێغەمبەرتان خۆش ناوێت). ئێمە پێیان دەڵێین:(ئێمە پێغەمبەری خۆمان ﷺ خۆش دەوێت، و هەر لەبەر خۆشەویستیمانە کە شوێنی دەکەوین و ئەو کارە ناکەین کە ئەو نەی کردووە).

ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیکەن نیشانەی خۆشەویستی بێت، کەواتە:

- هاوەڵان (صەحابە) پێغەمبەریان خۆش نەویستووە.
- تابیعین پێغەمبەریان خۆش نەویستووە.
- تابیعی تابیعین پێغەمبەریان خۆش نەویستووە.
- چوار پێشەواکە (ئەبووحەنیفە، مالیک، شافیعی و ئەحمەد) پێغەمبەریان خۆش نەویستووە.
- زانایانی وەک بوخاری، موسلیم، ئەبوداوود، ترمذی و سەدانی تر پێغەمبەریان خۆش نەویستووە.

ئایا دەتوانن بوختانێکی وا بکەن؟ خودی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆی نەی کردووە. ئەم سێ نەوەی یەکەم، پڕ بەرەکەتترین نەوەی ئوممەتن. ئایا ئەوان بە خۆشەویستیی پێغەمبەر ﷺ نەگەیشتن و ئێوە پێی گەیشتوون؟ ئەگەر خێر بووایە، ئەوان پێش ئێوە دەیانکرد. ئێمە فەرمانمان پێ کراوە شوێنی ئەوان بکەوین.

خوای گەورە دەفەرموێت:(فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوا). سورة البقرة: ١٣٧

واتە:(ئەگەر ئەوانیش ئیمانیان هێنا بە هەمان شێوەی ئیمانی ئێوە (هاوەڵان)، ئەوا ڕێنمایی کراون).

هەروەها دەفەرموێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ). سورة التوبة: ١١٩

واتە:(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لەخوا بترسن و لەگەڵ ڕاستگۆیان بن).

لە ئـــايەتێكی تـــردا، خـــوا باســـی موهــــاجير و ئەنصـــار دەكـــات و دەفەرموێــت:(لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأَمۡوَٰلِهِمۡ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ). سورة الحشر: ٨

واتە:(لەم مـــاڵە دەدرێـــت بەو موســـڵمانە كـــۆچەرییە هەژارانەی كە لە وڵات و مـــاڵ و ســـامانی خۆيانـــدا دەركـــراون كە تەنهـــا خێـــر و چـــاكە و ڕەزامەنـدی خوايـان دەوێـت و يـارمەتی ئـايينی ئیسـلام و پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) دەدەن، هەر ئەوانەن ڕاستگۆ).

كەواتە ئـــیمە فەرمانمـــان پـــێ كـــراوە لەگەڵ ئەوان بـــین و شـــوێنیان بكەوین. ئەوان ئەو كارەيان نەكردووە، ئێمەش نايكەین.

وەڵامی گومانی: "زۆرینەی خەڵک مەولود دەکەن"

هەنـــدێک كەس شـــانازی بەوەوە دەكـــات كە زۆريـــنەی خەڵـــک مەولـــود دەكەن و ســـاڵ بە ســـاڵیش زيـــاد دەكـــات، و ئەمەی كـــردووە بە بەڵـــگەی ئەوەی كە مەولـــود حەقە. ئەگەر وابێـــت، دەبێـــت بڵێـــین زۆرێـــک لە پێغەمـــبەران لەســـەر حەق نەبـــوون، چـــونكە پێغەمـــبەری خـــوا ﷺ دەفەرموێـــت:(لە ڕۆژی قیامەتـــدا پێغەمـــبەر دێـــت تەنهـــا يەک كەســـی لەگەڵـدايە، يەكێكـی تـر دێـت دوو يـان سـێ كەسـی لەگەڵـدايە). لە كاتێكـدا هەمـوو خەڵكـی سـەر زەوی كـافر بـوون. ئايـا مانـای وايە ئەوان لەسـەر حەق نەبوون؟

حەق بە زۆريـــنە ناناســـرێتەوە، بەڵكـــو بە گـــوێرەی قورئـــان و ســـوننەت دەناســـرێتەوە. ئەگەر شـــانازی بە زۆريـــنەوە دەكەيـــت، دەبێـــت بزانیـــت زۆريـــنەی خەڵكـــی ســـەر زەوی موســـڵمان نـــین، ئايـــا مانـــای وايە ئەوان لەســـەر حەقـــن؟ ئەگەر تەماشـــای قورئـــان بكەيـــت، زۆر جـــار زەم لە زۆريـــنە كـــراوە و ستايشـــی كەمیـــنە كـــراوە. بـــۆ نمـــوونە دەربـــارەی نـــوح (عليه السلام) دەفەرموێت:(وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ). سورة هود: ٤٠

واتە:(تەنها كەمێک نەبێت، كەسی تر باوەڕی پێ نەهێنا).

وه دەفەرموویت:(وَقَلِيلٌ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ). سورة سبأ: ١٣

واتە:(خۆ كەمێك لە بەندەكانم شوكرانەبژێر دەبن).

کەواتە، زۆربەی جـار کەمینـە لەسـەر حەقـن. بـۆیە هەرچەنـدە زیـاتر مەولـود بـکەن و بـانگەوازی بـۆ بـکەن، بـاری سەرشـانتان بـۆ ڕۆژی دوایی قورستر دەبێت، چونکە خەڵکی زیاتر گومڕا دەکەن.

هەڵوێست بەرامبەر زانایان و شیکردنەوەی بەڵگەکانیان

هەنـدێک لە زانایـان وتوویـانە درووسـتە مەولـود بکرێـت. ئـێمە ئەوانمـان خـۆش دەوێـن و ڕێزیـان لـێ دەگـرین، ئەوانەی کە زانـان و لەسـەر ئیسـلام ژیـاون و مـردوون، بەڵام حەق لامـان خۆشەویسـتترە لەوان، بـۆیە لەو بـابەتەدا شـوێنیان نـاکەوین. قسـەی زاناکـان دەبێـت بەڵـگەی بـۆ بهێنـرێتەوە، نەک بکـرێتە بەڵـگە. مـادام بەڵگەیـان نیـیە، ئـێمە لێیـان لادەدەین و دوایان ناکەوین.

وەڵامی گومان و بەڵگەکانی لایەنگرانی مەولود

ئەوانەی مەولـود دەکەن، بـۆ بیـدعەکانیان هەنـدێک ئـایەت و فەرمـوودە دەهێنـنەوە کە دەیـکەن بە بەڵـگە، لەوانە خـوای گەورە لە قورئانـدا دەفەرموێت: (وَافْعَلُوا الْخَيْرَ). سورة الحج: ٧٧

واتە:(کاری خێر بکەن).

دەڵـێن: "نـان دان و وتـار دان و قورئـان خوێنـدن، ئەمە خێـرە." بەڵـێ، ئەمانە خێرن، بەڵام نابێت تایبەت بکرێن بە ڕۆژێک و بەردەوام نەبن.

یـاخود دەڵـێن خـوای گەورە لە قورئانـدا دەفەرموێـت:(قُـلْ بِفَضْـلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا) سورة یونس: ٥٨

واتە:(پێیـــان بڵـــێ: بـــا هەر بەو فەزڵ و بەخشــــش و ســـۆزی (الله) یە دڵخـــۆش و شـــادمان بـــن کە ئەوە زۆر چـــاکترە لەوەی کە ئەوان لە دنیـــادا کۆی دەکەنەوە).

دەڵـــێن فەزڵـــی خـــوا و ڕەحمەتـــی خـــوا مەبەســـتی قورئـــان و پێغەمـــبەری خـــوایە ﷺ، "بەوانە دڵخـــۆش بـــن." بەڵـــێ ئـــێمە پێـــی دڵخۆشـــین، بەڵام ئـــێمە هەمـــوو ڕۆژێـــک پێـــی دڵخۆشـــین، نەک لە ســـاڵێکدا یەک جـــار. کەواتە ئێـــوە هەڵە لەو ئـــایەتە تێگەیشـــتوون. ئایـــا هـــاوەڵان لەم ئایەتـــانە ئـــاوا تێگەیشـــتن کە ســـاڵی یەک جـــار نـــان ببەخشـــن و وتـــار بڵـــێن و قورئـــان بخـــوێنن؟ ســـاڵی یەک جـــار دڵخـــۆش بـــن بە هـــاتنی پێغەمـــبەری خـــوا ﷺ، یـــاخود بەردەوامـــی بەمشـــێوەیە بـــوون؟ ئـــێمە بەردەوامـــی بەمشـــێوەیە دەبینین.

هەنـــدێکی تـــر لە بەڵگەکانیـــان کە دەیهێـــنن، پـــێچەوانەی تێگەیشـــتنی هـــاوەڵانە. خـــۆ ئەگەر بڵێـــی ئەم بەڵگـــانە دەبێـــت بەو شـــێوەیە جێبەجـــێ بکـــــرێن، ئەوا وەک ئەوە وایە بڵێـــــی هـــــاوەڵان لەم ئایەتـــــانە و لەم فەرموودانە تێنەگەیشتوون.

بـــۆ نمـــوونە فەرمـــوودەیەک دەهێـــنن دەفەرمووێـــت:(مَـنْ سَـنَّ فِـي الْإِسْـلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً، فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا).[5]

واتە:(هەر کەســـێک لەنـــاو ئیســـلامدا ســـوننەتێکی بـــاش دابنێـــێ، ئەو پاداشـــتی ئەو ســـوننەتەی هەیە و پاداشـــتی ئەوانەش کە کـــاری پێـــدەکەن تا ڕۆژی قیامەت).

مەبەســـت ئەوە نیـــیە "مَـنْ سَـنَّ فِـي الْإِسْـلَامِ بِدْعَـةً"، بیـــدعە قەدەغەیە لە ئیســـلام، "کُـلُّ بِدْعَـةٍ ضَـلَالَةٌ" فەرمـــوودەکە نایڵێـــت بیـــدعەیەک دابهێـــنە لە ئیســـلامدا و پاداشـــتی هەیە، نـــا. دەڵێـــت "ســـوننەتێک." ســـوننەتێک لێـــرەدا مەبەســـتی چیـــیە؟ واتە (مـــن أظهـــر شـــیئا موجـــودا فـــي الـــدین)، "هەر کەســـێک شـــتێک کە لە دینـــدا هەیە و داپۆشـــراوە، ئەو دەری بخـــات و پیشـــانی خەڵکـــی بـــدات و خەڵـــک کـــاری پـــێ بکـــات،" ئەوە پاداشـــتی ئەوەی

---

[5] صحیح مسلم: ١٠١٧

هەیە و پاداشـــتی ئەوانەش کە دوای خـــۆی کـــاری پێـــدەکەن. چـــونکە دەفەرمویێت "مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ" نەک لە دەرەوەی ئیسلام.

وەڵامی گومانی "خۆچوواندن بە گەلانی تر"

ئەم کـــارە لە دەرەوەی ئیســـلامەوە هێنـــراوە. هەنـــدێک دان بەوەدا دەنـــێن و دەڵـــێن: "بـــۆچی جـــولەکە و گاورەکـــان ڕۆژێکیـــان هەبێـــت بـــۆ یـــادکردنەوەی عیســـا و موســـا، ئـــێمەش نەمانبێـــت؟" خـــوای گەورە وەڵامیـــان دەداتەوە و دەفەرمویێـــت:(وَلَـــئِنِ اتَّبَعْـــتَ أَهْـــوَاءَهُم بَعْـــدَ الَّـــذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ ۙ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ). سورة البقرة: ١٢٠

واتە:(ئەگەر تـــۆ دوای هەوا و ئـــارەزووی جـــولەکە و گاورەکـــان بکەویـــت، لە دوای ئەم قورئـــان و ســـوننەتەی کە پێـــت دراوە، بەڕاســـتی خوا پشتیوان و یارمەتیدەرت نابێت).

پێغەمـــبەری خـــوا ﷺ وەڵامیـــان دەداتەوە و دەفەرمویێـــت:(مَـــنْ تَشَـــبَّهَ بِقَـــوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ).[6]

واتە:(هەرکەسێک لاسایی گەلێک بکاتەوە، ئەوا لەوانە).

پێغەمـــبەری خـــوا ﷺ وەڵامیـــان دەداتەوە و دەفەرمویێـــت:(لَتَتَّـــبِعُنَّ سَـــنَنَ مَـــنْ قَـبْلَكُمْ شِـبْرًا بِشِـبْرٍ، وَذِرَاعًـا بِـذِرَاعٍ، حَتَّـى لَـوْ دَخَلُـوا جُحْـرَ ضَـبٍّ تَبِعْتُمُـوهُمْ). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ: (فَمَنْ؟)).[7]

واتە:(بە دڵنیـــاییەوە ئێـــوە شـــوێنی ڕێ و ڕێبـــازی ئەوانەی پـــێش خۆتـــان دەکەون بســـت بە بســـت و بـــاڵ بە بـــاڵ، تەنـــانەت ئەگەر بچـــنە کـــونی بـــزن مـــژەوە، ئێـــوەش شـــوێنیان دەکەون) وتمـــان: ئەی پێغەمـــبەری خـــوا ﷺ،

---

[6] سنن أبي داود: ٤٠٣١

[7] صحيح البخاري: ٧٣٢٠

مەبەسـتت جـوولەکە و گاورەکـانە؟ فەرمـووی: (ئەی کێـی تـرە جـگە لەوان؟)).

نابێـت شـوێنیان بـکەون. کەواتە ئەم دەقـانە پێمـان دەڵـێن نابێـت ئـێمە وەک ئەوان بکەیـن، نەک بڵێـین "بـۆ ئەوان هەیـانە، بـا ئـێمەش وەک ئەوان بکەین."

وەڵامی بەڵگەی وتەکەی عومەر (نِعْمَتِ الْبِدْعَةُ هَذِهِ)

هەنـدێکی تـر فەرمـوودەیەکی تـر دەهێنـنەوە بە بەڵـگە، کە عـومەری کـوڕی خەتتـاب کاتێـک کە تەراویـح زینـدوو دەکـاتەوە دەفەرمـوێـت:(نِعْمَتِ الْبِدْعَةُ هَذِهِ).[8]

واتە:(ئەم شتە نوێکراوەیە شتێکی باشە).

بەڵام ئەگەر لێـی ورد ببیـنەوە، تەراویـح هەر هەبـووە بە ژمـارەیەکی زۆر. پێغەمـبەری خـوا ﷺ دەفەرموێـت نـوێژی شـەو دوو ڕکـات دوو ڕکـاتە، کەی زانیـت ڕۆژ دەبێـتەوە، بە یەک ڕکـات (ویتـر) کۆتـایی پـێ بهێـنە. کەواتە ئیمـامی عـومەر کە کـردی بە ٢٣ ڕکـات، هـیچ زیـادەیەکی دانەهێنـاوە لە دینـدا؛ دوو دووی کـردووە و بە ویترێـک کۆتـایی پـێ هێناوە.

پێغەمـبەری خـوا ﷺ فەرمـانی پـێ کـردووین:(عَلَـيْكُمْ بِسُـنَّتِي وَسُـنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ مِنْ بَعْدِي، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ).[9]

واتە:(دەسـت بگـرن بە سـوننەتی مـن و سـوننەتی خەلـیفە ڕاشـیدەکانی دوای مـنەوە، بە ددانەکـانی دواوەتـان تونـد بیگـرن چـونکە ئەوە سوننەتی منە).

---

[8] صحيح البخاري: ٢٠١٠

[9] سنن أبي داود: ٤٦٠٧

ئەم سوننەتی تەراویحەش، سوننەتی عومەری کوڕی خەتتابە کە لە خەلیفە ڕاشیدەکانە و پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووین شوێنی بکەوین. بەڵام سوننەتی عوبەیدییەکان، سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نییە، بەڵکو دژایەتیکردنی سوننەتی ئەوە. بۆیە نابێت ئەوان بهێنینە ڕیزی ئەم خەلیفانەوە و داوامان لێ بکەن شوێن سوننەتیان بکەوین.

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:(تَـرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاءِ لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا لَا يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إِلَّا هَالِكٌ).[10]

واتە:(من ئێوەم لەسەر ڕێگایەکی سپی و ڕوون بەجێهێشتووە، شەوی وەک ڕۆژی وایە، هیچ کەسێک لێی لانادات ئیللا تیاچوو نەبێت).

هەروەها خوی دەفەرموێت:(مَا تَرَكْتُ شَيْئًا يُقَرِّبُكُمْ إِلَى اللَّهِ، وَيُبَاعِدُكُمْ عَنِ النَّارِ، إِلَّا وَقَدْ أَمَرْتُكُمْ بِهِ. وَمَا تَرَكْتُ شَيْئًا يُبَاعِدُكُمْ عَنِ اللَّهِ، وَيُقَرِّبُكُمْ إِلَى النَّارِ، إِلَّا وَقَدْ نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ).[11]

واتە:(هیچ شتێکم بەجێنەهێشتووە کە لە خواتان نزیک بکاتەوە و لە ئاگر دوورتان بخاتەوە، مەگەر ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیکەن. و هیچ شتێکم بەجێنەهێشتووە کە لە خواتان دوور بخاتەوە و لە ئاگر نزیکتان بکاتەوە، مەگەر ئەوەی ڕێگریم لێ کردوون بیکەن).

ئەگەر مەولود خێر بووایە، ئەوا پیشانی دەداین.

وەڵامی گومانە لاوەکییەکان و بنەمای حیزبییەکان لە حوکمداندا

یەکێک لەو شێوازانەی کە هەندێک جار لایەنگرانی مەولود پەنای بۆ دەبەن، بۆ لادانی باسەکە لەسەر ڕێڕەوی سەرەکی خۆی، وە وروژاندنی چەندین پرسیاری لاوەکی کە بەراوردکارییەکی هەڵەیە، ئامانجیان ئەوەیە کە وا پیشان بدەن دژبەرانی مەولود دوو

---

[10] سنن ابن ماجه: ٤٣

[11] المعجم الكبير: ١٦٤٧

هەڵوێستەن. لێرەدا بە شێوەیەکی ڕوون و یەکلاکەرەوە، وەڵامی ئەو گومانانە دەدەینەوە.

بانگەشەی قبووڵکردنی بیدعەکانی تر: هەڵوێستی ئێمە لەسەر هەموو داهێنراوێک لە دیندا هەر یەکە و نەگۆڕە. جا چ ئەوە بانگەشەی ئەوە بێت کە گوایە ئێمە ئاهەنگی کردنەوەی مزگەوت یان یادکردنەوەی ساڵانەی زانایان (وەک یادی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب) بە کارێکی دروست دەزانین، یان ئاهەنگی ڕێزلێنان بۆ قورئان لەبەرکردن و پێشبڕکێکان. بنەمای ئێمە ڕوونە، هەر کارێک بکرێتە بۆنەیەکی ئایینیی دووبارەبووەوە و شێوازێکی دیاریکراوی پەرستنی پێ بدرێت کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیدا نەبووە و نەکراوە، ئەوا بیدعەیە. ئەنجامدانی ئەم کارانە لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکان کە ئاهەنگی ڕێزلێنان بۆ قورئان لەبەرکردن دەکەن و لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەوانەشی کە مەولود دەکەن، یان وڵاتی سعودیە کە ساڵیادی زانایان دەکەن، یان هەر شتێک و یادێکی تر، ئێمە بە بیدعەی دەزانین و حوکمە شەرعییەکەی ناگۆڕێت لامان. هەڵوێستی ئێمە لەسەر بنەمای بەڵگەی شەرعییە، نەک کردەوەی تاک و لایەنەکان.

جیاوازییەکی بنەڕەتی: بەڵێ ڕاستە، ئێمە هەموو ئەو کارانەی سەرەوە بە بیدعە دەزانین، بەڵام جیاوازییەکی گەورە و بنەڕەتی لەنێوان ئەوان و بیدعەی مەولوددا هەیە. بیدعەی مەولود زۆر قێزەونتر و پیسترە، لەبەر چەند هۆکارێکی زۆر مەترسیدار:

یەکەم: ڕەگ و ڕیشەی مەولود دەگەڕێتەوە بۆ دوژمنانی دین. ئەم بیدعەیە لە دەوڵەتی عوبەیدیی باطنییەوە وەرگیراوە، کە دوژمنی سەرسەختی سوننەت و ڕێبازی سەلەفی ساڵح بوون. ئێوە کارێک دووبارە دەکەنەوە کە ئەوان دایانهێناوە بۆ گومڕاکردنی خەڵک، و هاتوون کردووتانە بە بەشێک لە دین و بە نیشانەی خۆشەویستیی پێغەمبەر ﷺ وە بە خەڵکی دەفرۆشنەوە. ئەمە تەنها داهێنان نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەیەکی گومڕا و دوژمنکارانە.

دووەم: بانگەشەی سۆزداری بەتاڵ، هەندێک کەس بە شێوەیەکی سۆزداری و بە ناوی "یەکڕیزیی موسڵمانان"ەوە، هەوڵ دەدەن

پاساو بۆ ئەم کارانە بهێننەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: یەکگرتن لەسەر چ بنەمایەک؟ ئایا یەکگرتن لەسەر وازهێنانە لە تێگەیشتنی هاوەڵان و گەڕانەوەیە بۆ ڕێبازی عوبەیدییەکان؟ یان یەکگرتنە لەگەڵ ئەو کارانەی کە پڕن لە تێکەڵاویی ژن و پیاو، سەما و هەڵپەڕین، و سووکایەتیکردن بە ڕێز و شکۆی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی؟ کردەوەکانی ناو زۆرێک لە مەولودەکان خۆیان گەورەترین بەڵگەن لەسەر دوورییان لە شەریعەتەوە. کاتێک ئیمامی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) لە حەجدا حەوزی ژن و پیاوی جیاکردەوە بۆ ڕێگریکردن لە تێکەڵاوییەکی بچووک، چۆن دەکرێت ئەمڕۆ بە ناوی دینەوە ئاهەنگێک ساز بکرێت کە پڕ بێت لەو کارانەی شەریعەت حەرامی کردوون؟ خۆ ئەگەر بێتو هەموو ئەو کار و چالاکییانەی کە لە ناو مەولودا دەکرێت شەرعیش بێت و کاری ناشەرعی تێدا ڕوونەدات، هێشتا هەر بیدعەیە و داهێنانێکە کە لە دینا جێی نابێتەوە و بوونی نییە لە شەرعدا چونکە نە پێغەمبەری خوا ﷺ کردویەتی نە هاوەڵان نە شوێنکەوتوانیان نە شوێنکەوتوی شوێنکەوتوانیشیان کە ئەمە خۆی بەتەنها بەسە وەک بەڵگە، بۆیە ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا یەکبگرین و بە کردەوەی شەرعییان بزانین. بانگەشەی ئەوەی کە ئەم کارانە شەرعین، بوختانێکە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، وەک بڵێی ئەوان لە دین تێنەگەیشتوون و ڕێزیان بۆ پێغەمبەر ﷺ نەبووە. مرۆڤ نابێت ئەوەندە جورئەت بکات کە بۆ سەلماندنی بیدعەیەک، سەدان حەرامی تر حەڵاڵ بکات و چاوپۆشی لێ بکات. بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی ئەم ئاهەنگانە خۆی دانپێدانانە بەو سەرپێچییانەی تێیدا دەکرێت، و ئینکارینەکردنیان نیشانەی قبووڵکردنیانە. ئامانجی ئێمە گەڕانەوەیە بۆ شەرعی خوا و تێگەیشتنی پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە، نەک شوێنکەوتنی سۆز و عاتیفە و ئەو داهێنراوانەی کە لەژێر پەردەی خۆشەویستیی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەنجام دەدرێن، لە کاتێکدا ڕەفتار و شێوازیان لە ڕەفتاری جولەکە و گاورەکانەوە نزیکترە تا لە ڕەفتاری هاوەڵان.

نادڵنیایی مێژوویی لە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وتەی زانایان، ڕاجیح و ڕوون نییە کە ئایا بە دیاریکراوی دیاری کراوە پێغەمبەری خوا ﷺ کەی لەدایک بووە. نەخێر، دیاری نەکراوە. بۆیە سەیری بکە، هەندێک لە زانایان دەڵێن لە ڕەمەزاندا لەدایک بووە. هەندێکی تریان دەڵێن لە ربیع الأول لەدایک بووە. ئەمە لە باری مانگەکەیدا.

ئیبن عەبدولبڕ دەفەرمووێت ٢ی ربیع الأول لەدایک بووە.

ئیبن حەزم دەفەرمووێت ٨ی ربیع الأول لەدایک بووە.

کەوسەری و ئەبولحەسەنی نەدەوی دەفەرموون ٩ی ربیع الأول لەدایک بووە.

محەمەدی کوڕی باقر دەفەرمووێت ١٠ی ربیع الأول لەدایک بووە.

ئیبن ئیسحاق، خاوەنی سیره، دەفەرموێت ١٢ی ربیع الأول لەدایک بووە.

کەواتە هێشتا سابت نەبووە، نزیکەی هەشت بۆچوون هەیە لەبارەی ڕۆژی لەدایکبوونەکەیەوە. ئێستا تۆ چۆن بە دیاریکراوی دیاریت کردووە کە لەو کاتەدا بیکەیت؟ لە کاتێکدا خودی ئەم دیاری نەکردنە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە نایەوێت ئێمە لەم ڕۆژەدا عیبادەت بکەین، بۆیە بە دیاریکراوی بۆی دیاری نەکردووین کەیە

تێگەیشتنی دروست لە فەرموودەی بەڕۆژووبوونی ڕۆژی دووشەممە

ئەگەر ئەو فەرمـــــوودەیە بهێنیــــتەوە کە دەربــــارەی ڕۆژی دووشــــەممە پرســیار لە پێغەمــبەری خــوا ﷺ کــرا، دەفەرموێــت:(ذَاكَ يَــوْمٌ وُلِــدْتُ فِيــهِ).[12]

واتە:(ئەوە ڕۆژێکە من تێیدا لەدایک بووم).

پێغەمــبەری خــوا ﷺ پێمــان دەڵێــت بەڕۆژووبــوونی دووشــەممە لە هەمــوو هەفتەیەکــدا پاداشــتێکی زۆری هەیە، نەک پێمــان بڵێــت لە ســاڵێکدا یەک دووشــەممە بەڕۆژوو بــن بــۆ ئەوەی پاداشــتتان دەســت بکەوێــت. نــا، وای نەفەرمــــووە. فەرمـــــووی بــــۆ هەمـــــوو دووشـــــەممەیەک بەڕۆژوو بـــــن. فەرمـــووی:(ئەو ڕۆژەیە تێیــدا لەدایــک بــووم، تێیــدا بــووم بە پێغەمــبەر). بــــۆیە ئــــێمەش دەڵێــــین بەڵــــێ، ئەو فەرمــــوودەیە صــــەحیحە و لە صــــەحیحی موســـلیمدا هـــاتووە و مەبەســـتی ئەوەیە کە هەمـــوو هەفـــتەیەک بەڕۆژوو بـــن. ئەگەر تـــۆ ڕاســـت دەکەیـــت، جێبەجێـــی بـــکە و هەمـــوو هەفـــــتەیەک ڕۆژی دووشـــــەممە بەڕۆژوو بە بەو نیـــــیەتە، نەک ســـــاڵی یەک جار. باسی ئەوەشی نەکردووە کە لەو ڕۆژەدا ئاهەنگ بگێرن.

ناکۆکیی نێوان ئاهەنگگێران و ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەر ﷺ

ئیــبن حــاج مــالیکی لە کتێبــی (المــدخل)دا دەفەرموێــت:(ســەیرم دێــت لەو کەســـانەی لە ڕۆژی وەفـــاتی پێغەمـــبەری خـــوادا ﷺ ســـەما دەکەن و دەف لێــــدەدەن و هــــاوار دەکەن و گــــۆرانی دەڵــــێن و خۆشــــی دەردەبــــڕن!" لە کاتێکــــدا پێغەمــــبەری خــــوا ﷺ لەو ڕۆژەدا وەفــــاتی کــــردووە (بەپێــــی بۆچوونی زۆرینە)).

---

[12] صحيح مسلم: ١١٦٢

ئەنەسی کوڕی مالیک (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:(کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە ناو شاری مەدینە، هەموو شتێک ڕووناک بووەوە، و کاتێک وەفاتی کرد، هەموو شتێک تاریک بوو).

پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی دەفەرموێت:(هەر کاتێک تووشی موسیبەتێک بوون، بیری وەفاتی من بکەنەوە، موسیبەتەکەی خۆتان لاتان ئاسان دەبێتەوە، چونکە وەفاتی من گەورەترین موسیبەتە بەسەرتاندا هاتووە).

تۆ لەو ڕۆژەدا لەبری ئەوەی خەفەت بخۆیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کردووە (کە سابت بووە ١٢ی ربیع الأول بووە)، تۆ بێیت لەو ڕۆژەدا جەژن و ئاهەنگ دەگێڕیت و خۆشی دەردەبڕیت و خۆشت وا دابنێی کە پێغەمبەر ﷺ ت خۆش دەوێت. بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی لادانە لە ڕێگا ڕاستەکە و ئەنجامدانی بیدعەیەکە.

ڕێسایەکی گرنگ: جیاوازیی نێوان عیبادەت و عادەت

قاعیدەیەکمان هەیە:(مەرج نییە هەر شتێک پێغەمبەری خوا ﷺ نەیکردبێت، حەرام بێت ئێمە بیکەین).

ئەم قاعیدەیە ئێمە ئاوا لێی تێناگەین، بەڵکو دەڵێین نە مەرجە هەرشتێک پێغەمبەری خوا ﷺ نەیکردبێت ئێمە بیکەین، نە مەرجیشە نەیکەین، بەڵکو قاعیدەکە دەبێت بکرێتە دوو بەشەوە:

عادەت: هەر شتێک پێغەمبەری خوا ﷺ وەک عادەت نەی کردبێت، مەرج نییە ئێمەش نەیکەین، دەتوانین بیکەین. بۆ نموونە، یەکێک لە هاوەڵان گۆشتی بزنمژەی بۆ هێنا، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی نایخۆم. هاوەڵەکە فەرمووی: بۆ نایخۆیت، حەرامە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "نەخێر، بەڵام لەناو گەل و هۆزی ئێمەدا نەمبینیوە بیخۆن، بۆیە نایخۆم." واتە وەک عادەت و سروشتی خۆم نایخۆم. فەرمووی: "تۆ بیخۆ، حەڵاڵە بۆت."

عیبـــادەت: بەڵام ئەوانەی کە عیبـــادەتن، عیبـــادەت "تەوقیفیـــیە" واتە لەســـەر بەڵـــگە وەســـتاوە. دەبێـــت کاتێـــک ئەو وەک عیبـــادەت نەی کـــردووە، ئـــێمەش وەک عیبـــادەت نەیکەیـــن. کاتێـــک هـــاوەڵان خۆشەویستیی خۆیـان بە مەولـود دەرنەبڕیـوە، ئـێمەش بۆمـان نیـیە بەو شـێوەیە دەری ببـڕین. ئەگەر بـیکەین، حەرامە و بیـدعەیەکمان ئەنجـام داوە.

وتەی ئیمامی مالیک دەربارەی بیدعەی حەسەنە

ئیمـامی مالیـک (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت) دەفەرموێـت:(هەر کەسـێک بڵێـت بیـدعەیەکی حەسـەنە هەیە، وا گومـانی بـردووە کە پێغەمـبەری خـوا ﷺ هەمـوو دیـنەکەی نەگەیانـدووە). چـونکە خـوای گەورە دەفەرموێـت: (الْيَـوْمَ أَكْمَلْـتُ لَكُـمْ دِيـنَكُمْ وَأَتْمَمْـتُ عَلَـيْكُمْ نِعْمَتِـي وَرَضِـيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا). سورة المائدة: ٣

واتە:(ئەمـڕۆ مـن دینەکەتـانم بـۆ کامـڵ کـردن و نیعمەتـی خـۆمم بەسەرتاندا تەواو کرد و ڕازی بووم کە ئیسلام دینتان بێت).

پاشـان فەرمـووی:(هەرکەسـێک وا گومـان بەرێـت کە پێغەمـبەری خـوا ﷺ شـتێکی هەبـووە و بە ئـێمەی نەوتـووە، ئەوا بوختـانی بـۆ پێغەمـبەری خـوا ﷺ کـردووە. ئەوەی ئەو ڕۆژە (لەسـەردەمی پێغەمـبەر ﷺ و هاوەڵانی) دین نەبووبێت، ئەمڕۆ کەس ناتوانێت بڵێت دینە).

بـۆیە مـادام ئەو ڕۆژە مەولـود دیـن نەبـووە، هـیچ کەسـێک ناتوانێـت لەمـڕۆدا بڵێـت دیـنە. ئەگەر بڵێـت دیـنە، ئەوا بوختـانێکی کـردووە و داویەتییە پاڵ دینەکەمان و پێغەمبەرەکەمان ﷺ.

حوکمی خواردنی خواردەمەنیی مەولود

بـابەتێکی تـر هەیە کە لقـێکە لەم مەولـودە: ئایـا ئەو خواردنـانەی بەبـۆنەی مەولـودەوە ئامـادە کـراون و دەهێنـدرێن، بخـورێن یـاخود نـا؟

بنەمـــا وایە هەر خواردنێـــک حەڵاڵ بێـــت، خـــواردنی حەڵاڵە و گەیَ نەدەیــت بە بــۆنەکەیەوە، مــادام خــۆی لە بنەڕەتــدا حەڵاڵە. لەبەر ئەوەی ئیمــامی عەلــی (خــوای لــیَ ڕازی بێــت) خــواردنی بــۆ هێنــرا بەبــۆنەی نەورۆزەوە و خــواردی، ڕەتــی نەکــردەوە. هەروەهــا لە هەنــدێکی تــر لە هــاوەڵانەوە ســابت بــووە کە خواردنیــان بــۆ هــاتووە لە هەنــدێک جەژنــدا، لەوانە دایکمــان عائیشـــە (خــوای لــیَ ڕازی بێــت) کە مەجووســییەکان خواردنیــان بــۆ هێنــاوە لە جەژنێکــدا و دەیخــوات و ڕەتــی نەدەکــردەوە، لەبەر ئەوەی خـــۆی لە بنەڕەتـــدا حەڵاڵ بـــوو. بەڵام ئەگەر ســـەربڕاوی دەستی موشریکەکان بێت، ئەوە حەرامە بە هەر بۆنەیەک بێت.

ئەمە باسی مەولود بوو بە پوختی.

داواکـــارین لە خـــوای گەورە بیکـــاتە مـــایەی هیـــدایەت بـــۆ هەمـــوو لایەکمان.

وَالْحَمْـدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَـالَمِينَ، وصـلَّى اللهُ وسـلَّم علـى نبينـا محمـدٍ وعلـى آلـهِ وصحبهِ أجمعين.